


شعری سیاسی

# کچانی چیای قەندیل و کۆبانی

د. یوسف زەنگەنە

2016

کوردستان

شعری سیاسی

# کچانی چیای قەندیل و کۆبانی

د. یوسف زەنگەنە

٢٠١٦

د. زەنگەنە، یوسف.
کچانی چیای قەندیل و کۆبانی.
هەڵبەستی سیاسی.
کوردستان، ٢٠١٦

Zangana, Yousuf, Dr.
The Girls of Qendil Mountain &
Kobani.
Political Poems.
Kurdistan, 2016.

# پێشکەشە

١. بە هەموو ئەو کیژو کوڕە شەڕڤان و گەریلایانەی کە بە خوێنی گەشیان، لاپەڕەکانی مێژووی کوردیان نەخشاندو رازاندەوە.

٢. بەو پێشمەرگانەی کە ساڵیانێکە سینەی خۆیان کردووە بە قەڵغان و دوور لە چاوی تەنگی حزبایەتی، خاک و خەڵکی کوردستانی پێدەپارێزن، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

# -١-

# خوداوەندا

## -١-

خوداوەندا،
منی بەندەت،
گوێم لە ناڵەی،
منداڵانی کۆبانییە،
چاو، فرمێسکی شنگالییان،
هیچ دەبیستن و دەبینن،
ئەی بەرێزتان؟

## -٢-

گوللە تۆپ و سەرمای زستان،
لە سەرتاسەری خاکی کوردستان،
لەرزەی خستووەتە لەشی منداڵان،
دەزانم هێندە بە بەزەیی نیت،
هەردووکیان راگریت،
بەڵام چی دەبێت،
ئەگەریەکێکیان؟

## -٢-

# داعش و ئۆردوغان

تا مچی دەستی،
داعش سوور بووە،
بە خوێنی کوردان،
بەڵام رژیمی تورکی ئورغان،
تا باڵ و شانی،
گەر دەتانەوێ بۆتان بسەلمێت،
بەڵگە ببینن،
وەرنە کۆبانی.

## -٣-

# ددان لەرزە

ساڵیانێک بوو،
ددان لەرزەی منداڵانم نەبینیبوو،
لەسەرماداو لە ترساندا،
بە چاوانم،
وامدەزانی،
چیرۆکێکەو کۆتایی هات،
بەڵام ئەمڕۆ کاتێک بینیم،
لە کۆبانی و چیای شنگال،
ووتم، نەخێر،
بۆ ئێمەی کورد،
داستانێکە بێ کۆتایی و

ڕۆژ بە ڕۆژو
سات بە سات،
پەڕەکانی زیاد دەکات.

## -٤-

# لە جانتای کچە شەرڤانێکی کۆبانیدا

٢٠١٤/١٠/٢٠

کیژۆڵەیەک هەر دەتگووت،
خودی تۆپی هەتاوە،
لە ئاسمان، بێزار بووە،
بۆ زەمین داکشاوە،
وا دەردەکەوت، جانتاکەی،
پڕ بۆنەو شانەو پۆدرە،
ڕەنگی لێو، کۆڵم و چاوە،
کە جانتاکەی پیشاندام،
ئای کە بە کووڵ بۆی گریام،

کە بینیم،ئەوەی تێیبوو،
سەد فیشەک، کلاشینکۆف،
تەنها یەک کەرتە نانێک،
بووتڵێکی پڕ لە ئاوە،
یەکدانە پەتاتەیەو،
هێلکەیەکی کووڵاوە.

-٥-

# گیانبەخش

سەری لە سەر دەستم بوو کە چاوی بەرز کردەوەو بە لێوە لەرزەو پرسی:
من دەڕۆم، چییان پێ بڵێم (مەبەستی لێپرسراونی ئەو دونیا بوو)، ئەگەر پرسییان، چۆن ژیایت و چۆن مردی؟

سەربەرز ژیام و
سەربەرزیش مردم،
شانازی دەکەم ،
کەوا گیان بەخشی،
ئازادی کوردم.
٢٠١٤/١٠/٢٥

## -٦-

# ئازادی

چەند بە هەڵە، فێرکرابووم،
مانای چییە کە ئازادی،
ووتیان، دەڵێی، دەنوی، دەڕۆی،
جلی دڵخواز لەبەر دەکەیت،
پێدەکەنی، دەگری، دەخۆی،
خەمت لێدەبێت بە مەحاڵ،
ئازار وەکو پەڕەندەیەک،
هەڵدێ و دەدا لە شەقەی باڵ،
ئازادی هات،
گەلێک سەیرە،
لە ژێر سایەی،

رابەرانی بێدەسەڵات،
ئەوەی ووتیان،
بوو بە خەیاڵ.
بەڵێنێک بوو،
بە نیو جوان و
نیوی بەتاڵ.

## -٧-

# پەیامێک بۆ ئەفلاتوونی فەیلەسووف

ئەفلاتوونی فەیلەسوف یونانی، دامەزرێنەری بیری دامەزراندنی شاری پیرۆز بوو (المدینة الفاضلة) کە- مەبەستی وولات و سیستەمی نموونە بوو- تا کۆچیشی کرد ئەو ئاواتەی نەهاتە دی. لە داییک بووی 428یا 427 ی پێش زایین (لە داییکبوونی عیسای مسیح) و کۆچکردووی 348 یا 347 پێش زایین.

ئەفلاتوون هەستە،
گۆڕ جێبهێلە،
وەرە کوردستان،
"شارە پیرۆزێک" نەخشەت بۆ کێشا،
لە کۆبانیدا،
بەدەستی کیژو کوڕانی کوردان،
هاتە دامەزران.

## -٨-

# عاشقانی راستەقینە

کە چی، ئەگەر،
فەرهاد کێوێ،
دابدڕێ بۆ شیرینێ؟
بۆ لەیلایەک،
یەکێک ببێت بە مەجنونێ؟
گیان لەدەستدا، ئەگەر مەمێ،
لە بۆ زینێ؟
شیخی صنعان، دینەکەی خۆی،
پشت گوێ بخات،
بۆ لادینێ؟

وەرن بیریڤان ببینن،
لەگەڵ ئارین،
لە پێناوی عیشقی خاکدا،
یەکیان گوللە لە سەربدا،
ئەویتریان بە دوژمندا،
گیانی پاکی بتەقێنێ.

## -٩-

# پەرجۆ (معجزة)

زۆر سەیرە لەلام،
شێخ و مەلایان،
کاتێک دەفەرموون:
کەوا معجزە،
هەر کاری خوایەو پێغەمبەرانی،
ئەی ئەوە نیە، بە خوێنی خۆیان،
بە خۆڕاگری،
بە تاکی تەنہا،
معجزە دەکەن، چرکە بە چرکە،
کیژوو کوڕانی،
شاری کۆبانی؟

# -١٠-

# بۆ شەڕڤانێکی گیانبەخشی باشووری

کە لە رۆژئاوا گیانی بەخشی

-١-

ویستم هەڤاڵ، باسی چوونت،
لە شعرێکی خەماویدا، دابرێژم،
پەیکەرێکی لێدرووستکەم،
خەمی خۆم و هاوبیرانی،
تێ بنێژم،
رەوانتم، هاتە بەرچاو،
پێدەکەنیت، بە گریانم،
کە لێت پرسیم:

بۆ نازانی من شەهیدی،
رزگاری خاکی کوردانم،
دەبێ کە تۆ دڵشاد ببیت،
کە سەلماندم بۆ دوو جیهان،
رەوابوونی، مافەکانم،

-٢-

ساڵانی چووم هاتەوە یاد،
کاتێک دەتووت،
سابلاغ، ئامەدو قامشلو،
وەک کەرکووکن،
لە دیدی هەردوو چاوانم،
کوردستان هەر،
یەک سەرزەمینە،
بە چوار پارچەی من نازانم،

-٣-

بڕیارت دا، بڕۆیت، کە چوویت،
ئەو سنوورەی،
بە تانک و تۆپ نەشکێندرا،
بە لافاوی خوێنی گەشت،
هەڵت وەشان،
لەتلەتت کرد و رووخاندت،
لە نێواندا، دیوارەکان،

-٤-

کاتێک گڕی خوێنی گەشت،
لە سینەدا،
شکۆفەی کرد،
بوو بە مەشخەڵ،
بوو بە چرا،
لە سەر رێگەی عاشقانی خاکەکەتدا،

هەڵواسرا،
ڕێشاندەر بێت تاکو بۆیان،
بە ڕێکەوتن ئەگەرهات و
یەک یەک، دوو دوو یا بە کاروان،
بە بێووچان،
بۆ رزگاری خاکی کوردان،

-٥-

گوڵی خوێناوی سەرسینەت،
بوو بە گوڵی سەرلێوانی،
دڵدارانی،
گووندەکان و شارەکانی،
سەرتا سەری،
خاکی خوێناوی کوردستان،
بۆنی خۆشی، تێکەڵ لەگەڵ،
ئاوی باران،

بوو بە عەتری هەڵبژاردەی،
گەریلاکان و شەرڤانان،
لە شنگال و لە کۆبانی و
خاکی گەرمیان،
بوو بە پەیڕەو،
بە پرۆگرام،
بۆ لاوانی هەنووکەیی و
داهاتووەکان،
کە هەڵکەنن سیمی دڕکاوی سەرسنوور،
بە دەست، بە پەنجە، بە ددان،
خوارو ژوورو
راست و چەپی، بۆ نەمێنێت،
کە ئیتر خاکی نیشتمان،

-٦-

بنوو ئارام، هەڤاڵەکەم،

نێوی پاکت تۆمار کرا،

لە کاروانی،

شەهیدانی،

ڕێگەی ڕزگاری کوردستان.

# -١١-

## بۆنی خاک

بۆنی خاک خۆشە،
لە پاش بارینی، نەرمە بارانێ،
بارانی ئەمڕۆ،
کاتێک کە بۆنی، هات بە لووتمدا،
گەلێک خۆشتر بوو،
لەوەی جارانێ،
لە کەشناسێکم پرسی بۆ وایە؟
گووتی تێکەڵە بارانی ئەمساڵ،
لەگەڵ دڵۆپەی، خوێنی کوردانی،
گەرمیان و شنگال،
کوڕو کیژانی،
کوردی کۆبانێ.

## -١٢-

# کۆبانی قیبلەی کوردانە

چەند ساڵێک بوو،
وێڵ بووم بە شوێن قیبلەیەکدا،
رووی تێبکەم.
کاتی نوێژو و نیایش و
سوجدە بردنم بۆ خودا،
نەمردم و کڵبەی گڕی،
خوێنی سەدان،
کیژو کوڕانی قوربانی،
لە پێناوی خەڵک و خاکدا،
موژدەیاندا،
قیبلەی کوردە،
شاری پیرۆزی کۆبانی.

# -١٣-

# شەیدای کیژانی کۆبانی

لە خوداوەند پاڕامەوە،
گوتم خودا، عاشقم کەیت،
بەڵام تەنها، بە یەک جوانێ،
پەسەندی کرد،
لە بریتی تاکە کیژێک،
بووم بە شەیدای،
هەموو کیژانی کۆبانێ.

## -١٤-

# کیژانی کۆبانێ

چەند هەڵە بوون، مامۆستاکان،
کە منداڵ بووین،
فێریان کردین،
کاتی گووتیان،
شمشێر لە پۆڵا درووست کراوە،
لە ئاسن، قەڵغان،
ئەی ئەوە نیە لە کۆبانێدا،
بۆ پاراستنی خاکی کوردستان،
بە قەڵغان دەکرێت،
سینەی کیژانمان.

# -١٥-

# پەیامی پێشمەرگەیەکی شەهید بۆ تازەبووکە بە جێماوەکەی.

-١-

ووتیان مەڕۆ،
تازەبووکت چاوەڕوانە،
ووتم بووکی ئاواتی من،
خاکی پاکی کوردستانە،
بووکی تازەی، خۆم خۆش ئەوێت،
خۆشەویستتر، بەڵام،
خاکی نیشتمانە،
ئەمم هەبێت، ئەووم هەیە،
بەڵام بێ ئەم،

دەبێت بە ژار، ئەم ژیانە.

-٢-

نازدارەکەم،

ئەگەر هات و بەسەربەرزی، گەڕامەوە،

نێووت دەنێن، شادترینی گشت ژنانە،

ئەگەر مردم، لە پێناوی خەڵک و خاکدا،

روو لە ئاسمان، ئەوجا بڵێ،

من سەربەرزم، کە مێردەکەم،

لە پێناوی ئازادیدا،

لە نێو قافڵەی شەهیدانە.

## -١٦-

# قوربانی

خوداوەندا،
بە قوربانی  یەک تاکە مەڕ،
تەواوت کرد داستانەکەی،
اسماعیل و بابی ابراهیم پێغەمبەر،
سەدان ساڵە رۆژی سەدان،
رۆڵەکانمان،
دەبن بە قۆچی قوربانی،
ئەی بڕیاری ئازادی کورد،
کەی مۆر دەکەیت ودێتە دەر؟
ئەم چیرۆکە خوێناوییە،
کەی خودایە،
دەبەیتە سەر؟

## -١٧-

# کاروانی شەهیدانمان

پێشکەشە بە رەوانی پاکی ئەو پێشمەرگەو شەڕڤان وگەریلایانەی، کە رۆژانە بە خوێنی گەش و پاکیان خاکی کوردستانمان بۆ ئاو دەدەن.

16.09.2014

جارێکیتر وا کاروانی شەهیدانمان،
کەوتەوە رێ،
خوێنی گەشیان،
بوو بە کانی،
بوو بە رووبار و
بوو بە زێ،
سەدان ساڵە، ئەم کاروانە،بەڕێوەیە،
خوداوەندا، بڵێی رۆژێک،
بگاتە جێ؟

## -١٨-

# گەرمیانییەک، لە رۆژئاوا بە خوێنی خۆی گوڵ دەڕوێنی

هاوارت کرد،
سنوورەکان،درەوینن،
درووستکردەی رق و قینن،
لە پەیڕەو و پرۆگرامی، بیری تۆدا،
یەکپارچە بوون،
راست و چەپ و خووارو ژوورووی
کوردستان،
بڕیارت دا، سوێن و بەڵێن،
تێبکۆشیت لە پێناوی یەککردنەوەی،
بە بێووچان،

دەریای دڵت،
لە کەرکووکی باشووریدا،
پڕ کرد لە خوێن،
نە خەندەقی کورد فرۆشان،
نە شمشێری،
بە خوێن سووری،
خوێنمژانی سەدەی بەردین،
نەوەکانی (عدنان، قحطان)،
لە پشت پەردەی ئاین و دین،
دیواری سیمی دڕکاوی،
سنوورەکان،
بازگەی چەقەڵ، ڕێوی و گورگان،
پێیان کرا،
لە ڕۆژ ئاوا،
کە ئاو بدەیت بە خوێنی گەش،
خاکی تینووی،

چرۆ بکەن، تا بێنە بوون،
گوڵاڵەکان،
لە سینەی دەن بە شانازی،
عاشقانی هەزار ساڵەی،
خاکی کوردان.
کاتێک خوێنت رژایە خاک،
تۆ سەلماندت،
یەک جەستەنە، گەلی کوردان،
یەک پارچەیە، کە کوردستان.

## -١٩-

# سەروای سێهەم

(أنفال، شنگال،؟)

دوێنی دەیان، کیژی کوردمان،
فرۆشران،
لەسەردەمی تراژیدیای،
رەشی ئەنفال.
ئەمڕۆ سەدان،رفێندران،
لە بازاری (عکاظ)ەکەی ئەم سەردەمە،
هەڕاجکران،
لە کیژانی شاری شنگال،
بانگ بۆ کیژی کام دەڤەری، تر هەڵدەدەن،
دەڵێن حلال،
نەوەکانی، عدنان، قحطان، بلال.

## -٢٠-

# چرۆیەک کە گۆڵی نەکرد

خوا بتگرێ ئەی باخەوان،
جارێکیتر، گوڵی سووری،
هیوای منت، بۆ هەڵوەران؟
چەند ساڵێک بوو چاوەڕوان بووم،
لە سینەی دەم،
وەکو هەموو خەڵکی جیهان،
چرۆ بکات، ببێت بە گوڵ،
بیچەقێنم، لەسەر گۆڕی شەهیدانمان،
وەکو دیاری بۆ حەلەبچە،
بۆ باوەشی، هاوڕێ و کەسی،
لە بن لمدا خنکاوەکان،

لە چەژنەدا، کام گوڵ،
لە سینەی یار بدەم،
کامیان لەسەر نەخشەی گوڵان،
وەک جوانترین، تۆمار بکەم،
گەر توسقاڵیک لێزان بووایەی،
لە وەرزێکی گونجاوتردا،
لە شوێنێکی خۆش خاک و ئاو،
نەمامەکەیت دەڕوان.
تاوەکو من دیسانەوە،
دەست لە ئەژنۆ،
رانەوێستم،
لە نێو رێزی، بێگووڵەکان

## -٢١-

# سەربەخۆیی و کووندەبەبوو

سووار بون عەیبێ،
دابەزین دوو،
بۆ ئازادی و سەربەخۆیی،
هەلێکی باش هەڵکەوتبوو،
ئەویشمان چوو،
ڕێگە بەرەو کەلاوەیە،
گەر رابەر بێت،
کووندەبەبوو.

# -٢٢-

# ئێمەی کورد

ئێمەی کوردیش لە داییک بووین،
تاکو بژین،
وەکو هەموو، خەڵکی جیهان،
ئەو مافەمان بۆچی نەبێت،
سەربەخۆ بین وەکو ئەوان؟
پرسییارێکە، با هەوڵ بدەین،
بگات بە گوێی، گوێداران و
بخرێتە سەر مێزی دەزگای،
مافی مرۆڤ،
لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

## -٢٣-

# کاتی یەکگرتنە

دەنگی تەپڵی دەستی پیسی،
ئەهریمەنان،
بیرقەی شمشێر،
خشەی عەبا،
بۆنی لم و مارو دەعبا،
دیسانەوە  وا دێتە گوێ،
دەبینرێ،
بەرەوە خاکی فریشتەکان،
خاکی کوردان،
خەریکە دێ،
کوردان کاتی یەکگرتنە،

گەروا نەکەین،

بە هەزاران،

رۆڵەی ترمان،

بە ئاسانی لە نێو دەبرێ،

نەخشەی هیواو ئاواتمان،

لە بن پێدا دەهەنجرێ.

## -٢٤-

# شعرەکانم

من بە لێوی لە سەرماندا،
قلیشاوی،
رەش و رووتی نەتەوەکەم،
دەخوێنمەوە،
شعرەکانم،
بە فرمێسکی خوێناوییان،
دەنەخشێنم،
ووشەکانم،
لە شعرێکدا، پێبکەنم،
شادی ئەوان دەردەبڕم،
بۆ خەمی دڵی ئەوانە،

ناڵەو شیوەن و گریانم،
هێزی دەستی ئەوانیشە،
دەیکەم بە تیر،
دەیهاوێژم،
بەرەو سینەی دوژمنانم.

## -٢٥-

# وەسێت

که کۆرپه بووم،
له خەونێکدا،
پێغەمبەرێکی کورد زمان،
دابەزیبوو کەوا تازە لە ئاسمان،
بۆی باسکردم،
لەسەر لەوحەی نێوەکانی،
مرۆڤانی،
درووستکردەی پەروەردگار،
بە دێڕێکی زۆر گەورەو دیار،
بە فەرمانی خوداوەندی،
لە بەرامبەر نێوەکەتدا،

نووسراوە کە تۆ کوردی،
بەو هۆیەوە، لەو رۆژەوە،
بە بێ ووچان،
کەوتوومەتە، تەقەللاو
هەوڵ و تێکۆشان،
بیسەلمێنم، کە سەلماندم،
کە من کوردم،
وسییەت دەکەم،
لەسەر کێلی گۆڕەکەشم،
هەمان ووشەم بۆ هەڵکەنن،
کاتێک مردم.

## -٢٦-

# پەیامێک بۆ حەلەبچە

-١-

لە خاکەکەی منی کورددا،

هەموو شتێکمان جیاوازە،

تاکو ئێستاش،هیچ زانیارێک،

وڵامێکی لە مێشک نیە،

بۆ ئەم تەلەسم و ئەم رازە،

-٢-

لە گشت شوێنی دیکەی جیهان،

ئاوە،

بارانی بەهارە،

لە کوردستان،

باران،ژارە.

-٣-

مۆژدەی شادی و

حۆریی وپەریی و فریشتە،

دەبارێنن ئاسمانەکان،

بڕیاری مەرگ، دەبارێنی،

لە حەلەبچەکەی کوردستان.

-٤-

کۆمەڵ کوژی و کارەسات،

لە جیهاندا،

نێو و ووڵات،

درووست دەکات،

بەرز بزێوی،

بۆ سەرجەمی بە جێماوان،

لە کوردستان،

خەم و ماتەم بۆ نەتەوە،

بارانی ژار دەگۆڕدرێت،

پارەو سامان،

بۆ رابەرو

دزو جەردەو

گەندەڵکارو

کوردفرۆشان.

-٥-

بە جێماوی شەهیدەکان،

لە جیهاندا،

دەخرێنە سەرسەرو چاوان،

پشتگوێ دەخرێن لە کوردستان،

پلەو پایەو کۆشک و تەلار،

پاداشە بۆ،

کورد بکووژان.

# -٢٧-

# لاوانەوەیەکی بێدەنگ بۆ ئەنفالکراوەکان

٢٠١٤/٣/١٨

کە زۆر جاران،
خەمی ئەنفال دەمباتەوە،
دەمخاتە نێو ئۆقیانووسی،
خەیاڵەوە،
باوەڕ ناکەن مێشک و دڵم،
مرۆڤ هەبێت کە بتوانێت ،
مرۆڤیتر بە زینوەتی،
فرێبداتە چاڵەوە،
گوللـەی بەسەردا ببێژێت،

لمی بە سەردا بڕێژێت،

گوێ نەداتە، نزاو تکای،

پیرو لاوان،

یاخۆد کۆرپەی.

زمان بە گڕوگاڵەوە،

پێرەمێردێک،

باری سەنگینی زەمانە،

پشتی کردبێت بە کەوان،

ئاخر دەبێت چی پێبکرێت،

چی لە دەست بێت،

دژی ئەوان،

بنێژرێت،

ژێر لم خرێت،

تاکو بمرێت،

بە بێ تاوان،

پیرەژنێک سەختی ژیان،

هەژاری، برسییەتی،

بێ ئاوی و نان،

سۆمای چاوی لێبردبێت،

لەژێر تایەی لۆرییەکی سەربازیدا،

لەت لەت بکرێت،

بهەنجرێت،

کیژۆڵەیەک، کە چرۆ بێت،

چاوی هێشتا هەڵنەهاتوو،

بەر لە ناشتن،

پاش دەستڕێژی لە ئابرووی،

سینەی هێشتا گوڵ نەکردووی،

بە ڕێژەنەی گوللەی دەستی،

خوا نەناسان،

دابدڕێت،

کوڕە لاوێک بە خەیاڵی،

ئەوەی هێشتا،

سەر لە سینەی دڵدارەکەی،
بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە،
ئاوازێکی بۆ دەچڕێت،
بەر لە ئەوەی لە لم خرێت،
بە چنگی قین،
لە بنەوە زمانی هەڵبکەندرێت،
کۆرپەڵەیەک، شیرەخوارە،
لە بریتی گۆپکەی مەمک،
لولەی ژاراوی تفەنگی،
لە دەم بنرێت،
پاڕانەوەی دایکێکی لاو،
کەڵکی نەبێت،
لێی بپرسن، خوات خۆش دەوەێ،
بڵێت، بەڵێ،
بڵێن، ئێمە، کۆرپەڵەکەت سەردەبڕین،
تا رەوانی بەرەو خوداکەت سەرکەوێ،

بە دیتنی خودا تاکو،
دڵی شاد بێت و بسرەوێ،
سەرسام مەبن خوێنەرانم،
بەم دیمەن و رووداوانە،
مرۆڤ کوژی، خوێن مژین و
بەم ستەم و تاوانانە،
هەڵدەنەوە پەڕەی مێژووی تاوانباران،
لە سەرەتای بوونیانەوە،
لە سەر خاکی عارەبستان،
هەروا بوونەو هەروا دەبێت،
پیشەو کاریان،
خەمی گەورە لێرەدایە،
پێی هەڵدەستن،
بە نێوی خواو یاسای قورئان،
هەزار خۆزگە،
پێی دەوتین پەروەردگار،

ئایا راستە ئەوی مەزن،
خاوەن بڕیار،
کەوا مرۆڤ بە زینوەتی،
ژێر لم بخرێت، بکووژرێت،
سەربڕدرێت، ئەتک بکرێت،
بە پورکەیەک،
نا یەک دانە، نا دوو دانە،
یەکسەدو هەشتاو دوو هەزار.

# -٢٨-

# لە پێشگای پەروەردگاردا

-١-

ئەگەر هات و ناسکۆڵەکە،
لەو دونیادا پەروەردگار،
کە لێی پرسیت بۆ کووژرای،
بڵێ گەورەم، من نازانم،
تۆ خۆت خودای،
لە شاراوەی نێو دڵان و
مێشکی کرمی بن دەریاکان،
تۆ بە ئاگای.

-٢-

دیسانەوە ئەگەر پرسی،

لۆمەیەک، تاوانێک، نێوێک،
نێونازێکیان،
بکوژانت بۆ، پێ نەدای؟
بڵێ خودا درووستکەری هەردوو جیهان،
دارو بەردوو گشت بوونەوەر،
چەند دڕندەی پیسی چڵکن،
عەبا لە شانی پەت لە سەر،
لە چووارلاوە کەوتنە گیانم،
بە شمشێرو گوورزو خەنجەر،
ئەوەی تەنها کە گوێم لێبوو.
گووتیان کوردە، لەتلەتی کەن،
دوژمنی دینی ئەڵایە،
کورد کووشتنیش بە فەرمانی،
ئەڵاکەمان کە رەوایە.

-٣-

خوداوەندا،

ئەم بۆچوونە ئایا راستە،
لە نێو یاسای بەرێزتدا،
ئایا وایە؟
خوزگە خودا، بۆ ئەم پرسەم،
وەڵامێکی راشکاووت،
بدابایە.

# -٢٩-

# کچانیچیای قەندیل

-١-

لەو رۆژەوە،

کە بە خوێنی گەشی سینەت،

لەسەر دانە، بەفرەکانی لووتکەی چیا،

گوڵت روان،

ئارەزووم کرد کچێک بوایەم،

بەرد، سەرینی ژێر سەرم بێت،

لیفەکەشم گەڵای ووشکی،

وەرزی خەزان،

لە باوەشی چیایەکدا،

منیش وەک تۆ،

بۆ هەمیشە،
لێوەکانم، لە یەک دەناو،
چاوەکانیشم دەنووقان.

-٢-

حەزم دەکرد کچێک بووایەم،
لە دڵۆپی خوێنی سینەم،
پەڕی گوڵم چنیبایە،
لەسەر بەفری چیای قەندیل،
بڕێکی زۆر لە کوڕانی کەمتەرخەمیش،
بە هەورێشم،
لەسەر بەرگی سەنگیاکان و
رووميزییەکان،
دەستەسڕو گۆشەی مەندیل،
کچێک بووایەم لەو کچانەی،
بە سینەیان،

دەنگی گوللەی تانک و تۆپ و فڕۆکەکان،
هەڵدەمژن،
تاکو لەخەو رانەپەڕن،
کورپە خەوتووە،
بێنازەکان.
رانەچەڵکێن تا لە گۆڕدا،
شەهیدانی بەرلە خۆیان.

# -٣٠-

# تابلۆیەکی بێوێنە

18/08/2014

ئەوان ویستیان،
بە کوشتنمان،
گڕ تێبەردان،
کۆ رەواندن،
ئەتکی ژن و کیژەکانمان،
بە سەربڕین، بە هەڵواسین،
بۆ ترساندن،
وێنەیەکی پڕ لە خەمان،
بۆ بکێشن،
لەسەر پەڕەی مێژووەکەمان،
نەیانزانی کە ئێمەی کورد،

بە خەم،

بە خوێن،

بە فرمێسکی چاوەکانمان،

تابلۆیەکی وا دەکێشین،

بێوێنە بێت لە جوانیدا،

لە نێو تابلۆی، نێوبانگترین،

تابلۆ کێشان،

تاکو ببێت،

بە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆڕاگری،

بۆ ئەوانەی داهاتوومان.

# -٣١-

# فریشتەی ئازادی

جارێکی دیکەو هەمدیسان،
شێرە ژنان،
وەکو قەندیل،
وەک کۆبانی،
بە خوێن مەشخەڵیان،
هەڵگیرسان،
لە مەڵبەندی کوردایەتی،
لە مەهاباد، ئەمجارەیان،
کوان ئەوانەی بەو مەشخەڵە،
گڕ بەردەنە،
تاج و تەختی داگیرکەران.

## -٣٢-

# تۆفانی ئاوی حەیا

نەمبینیبوو هێندە تەڕ بێت،
تاکو ئێستا،
خاکە ووشکەکەی کوردستان،
پرسیم چییە؟
سەرسام نەبووم کاتی ووتیان،
ئەوەی بووە، بە سەیل،
بە زریان، بە تۆفان،
ئاوی حەیای رابەران و
سەرۆک پارت و حزبەکانە،
کە تکاوە،
چوون بێدەنگن لەوەی کەوا،

لە رۆژهەڵاتدا رووی داوە.

**تێبینی:**

ئەم هەستەم بە بوونەی خۆکووژی فریناز خسرەوانییەوە، لە شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەربڕیوە.12.5.2015

# -٣٣-

# ئامۆژگاری

من هەر ئەوەندەم، لەسەرە بڵێم،
دەستتان هەڵگرن، لە گەرووی میللەت،
ئێوە رابەران،
تاکو سێدارە دانەچەقیوە،
شۆڕ نەبووەتەوە،
بۆ گەردنتان، پەت.

## -٣٤-

# دوو وێنە

پێخاوس و دەست بەتاڵ،
لە برساندا،
بە پشتەوە سکیش نووساو،
دامان بە لووتکەی چیادا،
ماڵ و منداڵ جێهێشتران،
بێ نان و ئاو،
بەڵام لەشمان،
ڕەگەکانی پڕ بوون لە خوێن،
دەستمان خستە سەر کتێبە،
ئاسمانییەکان،
بەڵێن و سوێن،

بە بن داری ئازادیدا، کە بیرپێژین،
رژاندمان،
تەنەولق و چڵ و گەڵاو
گوڵ و میوەی،
کە هاتە بەر،
بوو بە چەتر،
بوو بە سێبەر،
باب و داک و منداڵانمان،
لەو کاتەدا،
گشت مردبوون لە برساندا،
درەختەکە بوو بە جێگەی،
حەسانەوەی منداڵانی،
رابەرانی،
تەلارنشین،
گەرما نەدیو،

لە سەرمادا چرکەیەکیش،
لەش نەلەرزیو،
نەوەیەکیش هاتە بەرهەم،
بڵح و چەپەڵ،
دزو گەندەڵ،
شێر لە نێو ماڵ،
لەبەر دەرگای بێگانەدا،
ڕێوی و چەقەڵ.

## -٣٥-

# زانیارییەک بۆ منداڵانی کوردستان.

ئێمە هەموومان،

لە خوا دەترسێین،

ئەویش لە هیچ کەس،

ئەوەی لەو دەچێ لە بوێریدا،

شەڕڤانە،

گەریلایە،

پێشمەرگەیەو

بەس.

## -٣٦-

# ئەو خوێنانەی بوون بە چرا

بەیانی زوو بوو،
کاتێک کە خۆری،
ئەممان ئاوابوو،
دیمەنی جوانی ئاوابوونی خۆر،
سەرلە ئێواران،
لە بیرقەبیرقەی خوێنەکەی ئەمدا،
کەوتە خۆ نوان،
ئەو کە ئاوابوو هیچی لێنەما،
ئەم بوو بە چرا،
بۆ لە تاریکی شەودا،
ڕێڕەوان.

ئەم،
پێشمەرگە بوو،
گەریلا ،
شەڕڤان.

# -37-

# تابلۆیەکی نا تەواو و شعرێکی گڕ تێبەردراو

پێشکەشە بە ڕەوانی پاکی کیژە گەریلایەکی باکوری.

٢٠١٥/٩/٧

قرچە قرچی،
گەڵاو چڵ و لق و تەنەی درەختەکان،
کە دەسووتێن،
دەگاتە عەرشی ئاسمان،
لەرزەی خستووەتە دارو بەرد،
لوولەلوول و هاژە هاژی،
گوێکەڕکەری،
مووشەکی بە عەرد نەکەوتووی،
فڕۆکەکان،

هەتاو رەنگ زەردو خەمبارە،
هیوایەتی لە شوێنی خۆی،
ووشک ڕاوێستی و ئاوا نەبێت،
تێر نەبووە لە دیتنی،
بەڵام چی بکات،
بۆ ئاوابوون کە ناچارە،
ئەمیش لە نێو سەنگەرەکەی،
بە ئارامی راکشاوە،
وەکو بڵێی لە دەورووبەر،
ڕووداوێکی نائاسایی،
ڕووینەداوە،
پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگدایە،
لە چاوەڕوانی ئەژدەها،
نەرمە ترپەی دڵی سینەی،
پڕ سۆزترین مۆسیقایە،

چاوی ڕاستی بڕیوەتە دووربینەکە،
چاوی چەپی داخستووە،
دەڵێی کەوا پەرییەکەو
لە خەودایە،
بە گوللە دژ بە داگیرکەر،
بە فوو لەگەڵ چەند تاڵە قژ،
کاتێک لەگەڵ شنەی بادا،
دەخزێتە سەرچاوانی،
لە شەڕدایە،
جارجار سەرێک بڵند دەکا،
دڵنیابێت لەوەی کەوا،
گوللەی مەبەستی پێکاوە،

............................................

ڕەوانی شاد ..... لەم چرکەیەدا، گوڵێکی دیکە زیادی کرد،لە گوڵزاری شەهیدانی ڕێگەی ئازادی کوردو ڕزگاری کوردستان.

## -٣٨-

# بە یادی پێشمەرگەیەکی شەهید

لە تاریکی نیوە شەوداو
لە رووناکی نێوە رۆژ،
مەگەر وێنەت بزر دەبێت لە چاوان،
مەگەر نێوت لە بیر دەکرێت لە نێوان،
مەگەر دەنگت بزر دەبێت لە گوێمان،
هەر چەند کە ووشەو نێوی پێشمەرگە،
بێتبە بەر گوێدا،
نێوی شیرینی تۆمان دێتە یاد،
برینی دڵمان
دەهێنێتە سوێ،
ساتێک خەمبارین بۆ شەهید بوونت،
ساتێک سەربەرزین،

بۆ شانازییەک پێشکەشت کردین،
خوێنی گەشی تۆ و هاو سەنگەرانت،
بوون بە قەڵغان و دیوارو بەربەست،
بۆ پارێزگاری لە نیشتمانت،
ڕێگەت بەردەوام،
شاد بێت ڕەوانت.

## -٣٩-

# سەنگەر

چیا تێر بوو،
هێندە تەرمی شێرەکانی،
بە سینەی خۆیدا هەڵمژی،
کانیاوەکان،
سوور وەرگەڕان،
بەفرەکانیش تاوانەوە،
لە گەرمی خوێنی لاوانمان،
درەختەکان،
بە چنارو بی و بەڕووەوە،
بە تۆپ و تانک و فڕۆکە،
گڕیان گرت و سووتێنران،
لە ئەمرۆوە،

نەخشەکانمان با بگۆڕین،
با (با) بکەین،
بە تەتەری هەواڵبەرو هەواڵهێنەر،
لە نێوشاردا،
ماڵەکانمان بکەین بە شاخ،
پەنجەرەکانمان بە سەنگەر،
شەقامەکان،
رووباری خوێن،
گەروا نەکەین،داگیرکەران،
لەگەڵ دەستەی خۆفرۆشان،
وەک پیلانیان بۆ داناوە،
کۆشش دەکەن،
لەچاڵ بنێن هیواکانمان،
چی ئەوانەی کە نزیکن،
چی دوورەکان.

## -٤٠-

# تارمایی مەرگ

ک....ی ٢٠١٤/١٠/١٧

تارماییەک،
لە راستیدا تاریکییەک،
دەمانبینی، بەرەو روومان،
خەریکە دێ،
ووتیان مەرگەو
بۆ بردنمان کەوتووەتە رێ،
شەرڤانێکی سەرزەمینی،
ئارەشەکەی کەمانگەرم لە پاڵدا بوو،
تیری خستە نێو کەوان و
بە پوورکەیەک،
مەرگی مران،

بۆیە ئیتر بوو بە محال،
بۆ گەلی کورد،
مەرگ و نەمان.

## -٤١-

# چاپکراوەکانم

1. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە. بەشی یەکەم. ساڵی ١٩٧٠.
2. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە، بەشی دووهەم. ساڵی ١٩٧٣.
3. بازاڕی شۆریجە. چیرۆک و رووداو. ١٩٧٣ .
4. دهۆک و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە. ١٩٧٣ .
5. پەپوولەی باڵ شکاو. هەڵبەست و پەخشان، کۆتایی ١٩٧٥ .
6. سکاڵای کوردێکی دڵسۆز. شعر، ١٩٧٦ .
7. کۆترەکەم و شۆڕشی کوردستان، ١٩٧٦.

8. وازم لێبێنن دڵداری ناکەم. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە، ١٩٧٦ .
9. ڕەشەبای رقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت. چاپی یەکەم، ١٩٨٥، لندن.
10. هەمان کتێب. ساڵی ١٩٨٦ .
11. ئیملا. وەرگێڕاو، لە فارسییەوە، ١٩٨٧ .
12.سۆتۆ و تەتۆ. وەرگێڕاو، ١٩٨٨ .
13. نەسرین. ساڵی ٢٠٠٠ .
14.نەسرین. تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە، ٢٠١١.
15. بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی. لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕدا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا.

16.کیژە کوردە بەرلینییەکە. هەڵبەست، ٢٠١١

17.بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی، ساڵی، ٢٠١١.

18. ژن سەرچاوەی شعرە. شعری رۆمانسی، ساڵی، ٢٠١١.

19.کوردستان سەرزەمینێکی جادو لێکراو. شعری سیاسی، ساڵی، .٢٠١٤.

20. کیژێک بە نێوی پێنج خاڵ. شعری رۆمانسی، ساڵی ٢٠١٤.

لەگەڵ ئەوانەدا کە نێوبران، بە دەیان کورتە چیرۆک و چیرۆکی شانۆگەری و شعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی و فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامەو وەرزنامەی جۆراوجۆردا، بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینارو وانەی تەلەفزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

## -٤٢-

# چاپنەکراوەکانم

1. لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەرشێتەوە. هەڵبەستی سیاسی.
2. وولاتی شارە زەردەواڵەکان، کورتە چیرۆک.
3. مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەو و پرۆگرامی بیری کوردایەتییە.
4. هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.
5. خەلیلە شێت: شێتێک کە ووتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.
6. هێرشی تەڵە قژە یاخییەکان: هەڵبەستی رۆمانسی.
7. تەنەکەی زبڵی خودا. چیرۆک و بەسەرهات.
8. هەزار کیلومەتر خوێن. بەسەرهاتی کوردانی ئەنفالکراوە.

9. فرمێسکەکانی شەوبۆ: شعری رۆمانسی.
10. یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە ٤٠٠٠ ساڵ، چۆن فرۆشرا.
11. مەکری پیاوانی کورد. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.
12. مامۆستای دێیەکەمان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە، لە ساڵی ١٩٧١ لە چەند دانەیەکدا چاپکراو بڵاوکرایەوە. شایانە بگووترێت بڕێک لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاونەترس و بوێر، لە گەڕەکی شۆرجە لەسەر شانۆ نواندیان.
13. زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئاینەکەی.
14. زەردەشت تاوانبارکراوێکی بێتاوان. لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو تاوانانەی نایارانی چەسپاندوویانە بە ئاینەکەیەوە.
15. بەڵێ زەردەشت کورد بوو.

16. کاریگەری زەردەشت لەسەر جوولەکەو ئیسلام. هەروەها لەسەر سوقرات و ئەفلاتوون و برێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان.
17. گەشت بۆ نمرە هەشت. چاپی دووهەم.
18. ئابووری سیاسی. سەرەتایەک بۆ لاوان.
19. پێشەکییەکە بۆ سیاسەت.
20. مام إحسان و مەلا مستەفا بارزانی. باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی خوا لیخۆشبووان، ژنرال إحسان نوری پاشا، سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژوورەکەی مندا روویدا و کورتەیەک لە گووتووبێژەکانیان. هەروەها بردنی مام إحسان بۆ ماڵی بارزانی لە (عظیمیة)ی (کرج)ی لە ئێران، پاش ٣ ساڵ لە یەکەمین چاوپێکەوتنەوە. هەروەها بۆ شێخ مسعود بارزانی، لەسەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ درووست کردم. کوورتەیەکی لە

ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا باسکراوە. بەم زوانە بە شێوەی کتێب، بڵاوی دەکەمەوە.

21. لە ڕۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە. باس لە ئێرەیی نێوان خێزانەکان دەکات.

22. پشکنەر کۆڵۆمبۆ لە کوردستان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە باس لە چۆنییەتی پەیداکردنی ئەو کەسە دەکات کە پیلانی دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی لە گۆر دارڕشاند، لە لایەن پشکنەر کۆڵۆمبۆوە، کە لە ئەمریکاوە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوو.

23. نامێلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وەردەگێڕدرین بۆ کوردی و عارەبی.

24. بیرەوەرییەکانم لە چەند بەشێکدا لەوانە:

25. أ- بۆنی شیرو سیاسەت. ژیانم بەر لە ساڵی ١٩٦٨.

26. ب- ١٩٦٨ دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی ١٩٦٤ چی بوو، چۆن ڕوویدا؟ دەستپێک و ئاکام.

27. پ- پاراستنەکەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ یا رووخێنەرەکەی؟ بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد و ئاکام.

28. ج- دوای کوشتنم. ژیانم دوای ١٩٦٨ و تا ١٩٧٥.

29. چ- هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥. ژیانم لە تاراوگە، لە ئێران و سوریاو ئەوروپا. بە درێژی باس لە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی دەکەم کە من دامەزرێنەرەکەی بووم پاش هەرەسەکە، بە بەڵگەوە و چۆن هەرەسهێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا. چۆن بیری گۆڕانم لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا هێنایە بوون و شەمی دەستپێکردنیم هەڵکرد لە تەلەفزیۆنی میدیادا بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری ١/١١/٢٠٠٠.

30. د- شۆڕشێک کە ئاواتەکانی لە بار چوون.

31. هۆرەکانی شەکسپیر. ئینگلیزی و کوردییە. ئایا شەکسپیر ئەو بلیمەتەیە کە باسی لێدەکەن؟

32. شارەکەم کەرکووک. لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا. کوورتەیەکی لە رۆژنامەی بارزاندا کە لە ئەمەریکا دەردەچوو بڵاو بووەتەوە.

33. لە پێناوی مێردەکەیدا. بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا. بەشی یەکەم: لە پێناوی مێردەکەیدا و بەشی دووهەم: لە پێناوی کورەکەیدا.

34. تهاتف التهافتین. امام محمد کوری محمد کوری محمد کوری أحمد أبو حامدی الغزالی،لە ساڵی ١٠٥٩ی زایینی لە شاری تووسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتووەتە جیهانەوەو لە ١١١٤ کۆچی دوایی کرد. لە نێوانی ساڵانی ١٠٩١ تا ١٠٩٥ کتێبی (تهافت الفلاسفة- رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)ی نووسی و زۆر لە بیرووباوەڕی فەیلەسووفەکانی یۆنان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کرد و رامالکاند. دوای تێپەڕبوونی ٦٧ ساڵ بەسەر لە داییکبوونیدا، لە (قرطبة)ی ووڵاتی ئەندەلووسدا، یانی لە ساڵی

١١٢٦ ی زاینی أبی الولید محمد کوڕی أحمد کوڕی محمد ابن رشد القرطبی، هاتە جیهانەوە و لە ساڵی ١١٩٨ دا لە مراکش کۆچی دوایی کرد.

ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت- رووخانی رووخێنەرەکە)، کە مەبەستی، رووخانی کتێبەکەی (الغزالی) بوو، کە ئەویش بڕێکی زۆر لە بۆچوونەکانی (الغزالی) پۆچەڵ کرد.

بە یاری پەروەردگار، من لە تەواو کردنی دوا بەشەکانی کتێبێکم کە پتر لە ٣٠ ساڵە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی ( تهافت التهافتین- رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە) کە لە رێگەی ئەو کتێبەوە لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا، هەوڵ دەدەم کە پشتی ئەو دوو کەڵە سوارە بکووتم بە زەمینداو زۆر لە بۆچوونەکانیان لە چاڵ بکەم. چاوەڕوانی بن.

35. خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت. را و بیرو و بۆچوونەکانمە لەمەڕ فەلسەفەو گیرووگرفتەکانی. ئەم

کتێبە دەبوایە لە ساڵی ١٩٩٢ دا بڵاوببێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەک لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاوکرایەوە، تەنیا بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شعر و چیرۆک و نووسراوی جۆراوجۆری دیکەی بڵاو نەکراوەیان بە پیلانێکی زۆر پەلیدانە، لە ماڵەکەمدا دزی بە کۆمپیۆتەرو (فلۆپی دیسک)ەکانیشەوە و تا ئێستاش دزەکان هەر نەدۆزرانەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبارکرد بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە.

بەو هۆیەوە لەو کاتەوە بە رۆژ و شەو بە کوون و قووژبنەکانی مێشکمدا لە گەڕاندام بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی ناوەڕۆکەکەی و لە خوا بە زیاد بێت ووردە ووردە خەریکم دیوارەکانی بەرزدەکەمەوەو بە کوێری چاوی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاک و رەسەن، بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەپۆشم.

لەو کتێبەدا دەگەنە ئاکامی ئەو پرسیارانەی کە ساڵیانێکە لە مێشکتاندا هاتووەتە بوون وەکو:
بۆ لە داییکبووین؟ مەبەست لەم هاتن و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ چین و لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو بەرەو کوێ دەڕوات؟ خودا ئێمەی درووستکردووە یا ئەو درووستکراوی بیری ئێمەیە؟ ئاینەکان، زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە درووستبوونیان چییە؟ ئایا پێغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژیری بیری خۆیان هێناویانیەتە بوون؟ فەیلەسووفەکانی جیهانی رۆژئاوا، ئەگەر لە سەرزەمینی پێغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی جیهان بە تایبەت روژهەڵاتی نێوەراست، بهاتابانە جیهانەوە، هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا دەگووترا پێغەمبەر بە پێجەوانەشەوە؟ ئایا خودا گیاندارانی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختەوە درووست کردووە، یا لە تۆزوخۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتوونەتە بوون وەک (ئاینشتاین) و هاوبیرانی بۆی

دەچن؟ تیژڕەوی مادە (السرعة)، هێز زۆرتر دەکات یا کێش وەک ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە؟ ئەو کونە رەشانەی کە جاروبار، بەرچاوی تەلەسکۆپە زەبەلەحەکان دەکەون چین؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەک زانایان بۆی دەچن یا شتێکی دیکە؟

خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەرچاوتان.

# -٤٣-

# من کێم

لە ژیانمدا، بەسەرهات، رووداو، هەڵوێست، خەم، ئازار، بڕوانامە، گەڵێک زۆرن کە شانازیان پیوە بکەم، بەڵام شانازییەکی کە لەسەرووی هەموو ئەوانەوەیە، ئەوەیە کە، من لە داییکبووی گەڕەکی شۆرجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم.

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەرکووکدا تێپەڕاند، بکالۆریس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە.

خوێندنەوەو نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە، هەروەها

هەوڵدان لە پێناوی بەدەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزدا لەو بووارانەی کە لە منداڵییەوە پلان و نەخشەم بۆ کێشابوون. سوپاس بۆ خوا ئەوپەڕی سەرکەوتنم بە دەست هێناوە و گەیشتووم بە ئارەزووەکانم.

شایانە بگووترێت کە ئامۆژگاری هەمیشەیی و سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەت لاوان، ئەوە بووە کە پێی توانا هەوڵی ئەوە بدەن کە ڕێگەی خوێندن بگرنەبەر چونکە ئاکامەکەی لە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیاندا دەبێت و پڕ سوودترین دەرمانیشە بۆ چارەسەرکردنی ئێش و ئازارە درێژ خایەنەکەی نەتەوەکەمان کە هەزاران ساڵە پێیەوە دەناڵێنێت.

وەک لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لەگەڵ نووسیندا

پەیدا کرد. بێگوومان بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوو. بۆ تێکەڵ بوونیشم لەگەڵ سیاسەتدا، کەمبوونی خوێندەوار بوو لە نێو بەتەمەن گەورەترەکانی گەڕەکەکەماندا، بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەوە دەردەچوون، لە دوایشدا لەلایەن شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١وە، کە تا بڵێی، کەم و کوورت و ناوەڕۆک لاوازیش بوون.

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەر و شەهید (حسیب محمد بگ) و (عمر شریف زەنگەنە)م، کە ئەو دوو کوردپەروەرە بوون بە مەشخەڵ و ڕێگەی پاکی کوردایەتییان پیشاندام و تاوەکو ئەمڕۆ لەسەری ماوم و تا دوا هەناسەش هەر دەمێنم.

